Landstinget Kronoberg

ئەگەر پێویست بوو ئێوە دەتوانن لە خزمەتگوزاریی وەرگێڕانی زارەکی کەڵک وەرگرن. کاتێ کە چاوپێکەوتن لەگەڵ ئێوە ڕێکدەخرێت، تکایە ئێمە لە پێویستی خۆتان بۆ وەرگێڕی زارەکی ئاگادار بکەنەوە. پاشان کارگێڕانی چاودێریەکانی تەندروستی بۆ ئامادەبوونی وەرگێڕی زارەکی لە کۆمپانیایەکی وەرگێڕان کاری پێویست جێبەجێ دەکەن.

## هاتوچۆ بۆ ناوەندەکانی چاودێریی تەندروستی

بەردەوام دەبێت لە هەرزانترین ئامێری هاتوچۆ بۆ هاتن بۆ ناوەندی چاودێریی تەندروستی کەڵک وەرگیردرێت. پاس، شەمەندەفەر و ئوتومبیلە تاکەکسیەکان لەوانەن. لە ئوتومبیلەکانی خزمەتکاریی بەتەنیا لەو بابەتانەیدا کە هۆی پزیشکی هەبێت کەڵک وەردەگیردرێت.

**گەڕانەوە بۆ ماڵ**

لەبۆ وەرگرتنی (قەرەبووکردنەوە) تێچوونی گەڕانەوە بۆ ماڵ لە ناوەندی چاودێریی تەندروستییەوە، بە هەرجۆرە ئامیرێ کە سەفەرتان کردبێت، کارگێڕانی چاودێریی تەندروستی دەبێت پەڕاوەی وەرگیراو لە پێشکەشکاری چاودێریی پزیشکی بسڕێتەوە (هێڵی بە سەردا بکێشێت) و ئەوە مۆر بکات.

- ئەگەر بە پاس سەفەر دەکەن: بەڵگەی ئامادەبوونی خۆتان پیشانی لێخورەکە بدەن و بەخۆڕایی سەفەر بکەن بۆ ناوەندی چاودێریەکانی تەندروستی لە ناو پارێزگادا، و بە پیشاندانی پەڕاوەی بڕی پارەدان بۆ چارەسەریی خۆتان بەخۆڕایی دەگەڕێنەوە ماڵ. ئەگەر بەڵگەتان نەبوو یان نەتانویست پیشانی بدەن دەتوانن پارەکە بە نەختی بدەن، و بلیتەکە لای خۆتان ڕاگرن. لەبۆ وەرگرتنەوەی تێچوونی بلیت، ئێوە دەتوانن دواتر بلیت و پەڕاوەی پێشکەشکاری چاودێریەکانی تەندروستی بنێرن بۆ یەکەی خزمەتگوزاریی هاتوچۆی گشتی پارێزگا.
- ئەگەر بە شەمەندەفەر سەفەر دەکەن: بلیت و پەڕاوەی وەرگیراو لە پێشکەشکاریی خزمەتگوزاریی تەندروستی بنێرن بۆ یەکەی سەفەری خزمەتگوزاریی هاتوچۆی گشتی پارێزگا (ناونیشان لە کۆتایی دەقەکەدا ئاماژەی پێکراوە).

- *ئەگەر بە ئوتومبیلی تایبەتی خۆتان سەفەر دەکەن:* بۆ ئەو ڕێگایانەی کە پتر لە ٨٤ کیلۆمەترن لە هەر سەفەرێکدا، بۆ هەر کیلۆمەترێک 1.2 کرۆنی سوید بە ئێوە دەدرێتەوە. سەرنج بدەن! پەڕاوەکانی خۆتان تەنانەت کاتێ کە ڕێگاکەش کەمتر لە ٨٤ کیلۆمەترە لای خۆتان ڕاگرن چۆن ئەم پەڕاوانە دەتوانن بۆ کارتی نەدانی پارە کەڵکیان لێوەرگیردرێت. پەڕاوەی پێشکەشکاری چاودێریی تەندروستی دەبێت هەموو کاتێک پەسەند و مۆر بکرێت.
- *ئەگەر بە ئوتومبیلی خزمەتگوزاریی یان بە کەڵک وەرگرتن لە هاتوچۆی ڕاکێشراو سەفەر دەکەن:*

تا کاتژمێری ٣ی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی پێش کاتی چاوپێکەوتنی خۆتان، لە ڕێگای یەکەی خزمەتگوزاریی هاتوچۆی گشتی ناوچەکەوە داوای ئوتومبیل بکەن. تەلەفۆن **0775 77 77 00**. تەنیا کەسانێ کە بە هۆی هەلومەرجی جەستەیی خۆیان ناتوانن لە دانیشتندا سەفەر بکەن، دەتوانن لە ئامێرەکانی هاتوچۆی راکیشراو کەڵک وەرگرن.

**ئاستی زۆرینەی خەرجییەکان**

بۆ تێچوونی هاتوچۆ بۆ ناوەندەکانی چاودێری تەندروستی ئاستێکی زۆرینە هەیە. ئەگەر لە ماوەی خولێکی ١٢ مانگەدا بۆ هاتوچۆ بۆ ناوەندەکانی چاودێری تەندروستی 1800 کرۆن پارەتان داوە، کارتی نەدانی پارەی سەفەر وەردەگرن. کارتی نەدانی پارە پاش ئەوە، لە پاشماوەی خولی ١٢ مانگەدا کەڵکی لێوەردەگیردرێت.

Landstinget Kronoberg

ئەگەر پێویست بوو ئێوە دەتوانن لە خزمەتگوزاریی وەرگێڕانی زارەکی کەڵک وەرگرن. کاتێ کە چاوپێکەوتن لەگەڵ ئێوە ڕێکدەخرێت، تکایە ئێمە لە پێویستی خۆتان بۆ وەرگێڕی زارەکی ئاگادار بکەنەوە. پاشان کارگێڕانی چاودێریەکانی تەندروستی بۆ ئامادەبوونی وەرگێڕی زارەکی لە کۆمپانیایەکی وەرگێڕان کاری پێویست جێبەجێ دەکەن.

**تێچوونەکانی تاکەکەسی**

ئێوە دەبێت بۆخۆتان بەشێک لە خەرجیی هاتوچۆ بدەن:

| هاتوچۆ | کرۆنی سویدی زیاتر |
|---|---|
| گواستنەوە بۆ شەمەندەفەر، پاس، یان پاسی Linnéan | 0 |
| پاس یان شەمەندەفەر لە ناوخۆی پارێزگای کرۆنۆبێرگ | 0 |
| پاس یان شەمەندەفەر لە دەرەوەی پارێزگای کرۆنۆبێرگ، یەک لایەنە | ٢٠ |
| فڕۆکە | 200 |
| پاسی Linnéan | 0 |
| ئوتۆمبیلی تایبەتی، یەک لایەنە | 100 |
| ئوتۆمبیلی خزمەتگوزاریی، موسافیری دانیشتوو | 100 |
| ئوتۆمبیلی خزمەتگوزاریی، موسافیری ڕاکێشراو | 100 |
| هاتوچۆ بە ئامبولانس (لەگەڵ بەرنامەی لەپێشدا) | 200 |

تکایە لەبۆ وەرگرتنی پارەدانەوە، بەڵگەکانی خۆتان (بلیتەکان، پەڕاوەکانی چاودێریی تەندروستی، بەڵگەی ڤیزیت) بەو ناونیشانەی خوارەوە بنێرن:

Serviceresor
Videum
Växjö 96 351

زانیاریی زۆرتر لەسەر هاتوچۆی ناوەندی چاودێریەکانی تەندروستی

Serviceresor
تەلەفۆن 0470 194 04
ئەنجومەنی پارێزگای کرۆنۆبێرگ
تەلەفۆن 0470 58 85 32